www.kurdistannet.org
11-7-2006 16:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تاراوگە، سایەی کردە شاعیر بۆ هۆنینەوەی شیعر بۆ ئازیزانی ... ساسان دەروێش

**هۆڵەندا**

ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا بۆ سازدانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ خاتوو (شیرین عەلی مەحمود) ناسراو بە سایە، لە ئاکامی گفتوگۆی ئەو دیدارە بوو کە دوای خوێندنەوەی هۆنراوەیەکی پڕ لەخەم وجۆش بۆ هەڵەبجەی شە هید لە ساڵ یادی هەڵەبجە ی شەهید لەشاری ئەمستردامی هۆڵەندا کە سایە خان پۆشاکی ئاڵای کوردستانی پۆشی بوو وەک بەرگ کە سەرنجی هەمووئامادەبووان ومیدیاکانی ڕاکێش ئەکرد، کەپێشتر بە هەمان ناو ناو نیشان لەماڵپەڕە کوردیەکاندا بەرهەمیم بەرچاو دەکەوت بۆ زیاتر ناسین ووورد بوونەوە لە سەر ژیان و بەرهەمە کانی وڕای گشتی ئەم دیمانەم لەگەڵ سازکرد.



**پ:-** دەتەوێ چۆن خۆت بناسێنی؟

**و:-** من شیرینم، منیش هەروەکو هەموو ژنێکی کورد تاڵ وسوێری ژیانم زۆر چەشتوە هەر لەتەمەنی منداڵیمەوە تا ئێستا لەگەڵ ئەوەش، هەمیشە ئارەزووم کاری هونەری بووە بە هەموو بە شە کانییەوە هەر لە کاری دەستەوە تا دەگات بە نووسین وشیعر، ئەوە ماوەی نۆ ساڵە من لە تاراوگە دەژیم دانەبڕاوم لە کاری هونەری وکلتوری کوردی، ساڵی چەند جارێک لە ڕێکخراوە بیانیەکاندا کاری کلتوری پیشان دەدرێ منیش هەروەکو ژنێکی کورد بەشداریم کردوە لەوبوارەدا بە نیشاندانی جلوبەرگی کوردی جۆرا و جۆرەوە لەگەڵ شیعروگۆرانی و ووتار بە زمانی هۆڵەندی وکوردی وفارسی.

**پ:-** بۆ ناز ناوی سایەت هەڵبژاردوە بۆ بەرهەمەکانت؟

**و:-** لە بەر ئەوە ناز ناوی سایەم هەڵ بژاردوە، چونکە من خۆم وەکو یەک سایە دەبینم، سایە دوولێک دانەوەی هەیە، من خۆم لە هەردووکییاندا دەبینم، یەکەمیان ئەوەیە ئینسان کە دادەنیشێ خەیاڵ دەیباتەوە لەپڕ یەک سایە دێتە بەرچاوی بەڵام پاش توزێک نامێنێ تەنها یەک چرکە دەبینرێ ئیتر ون دەبێ بەڵام من هە میشە خۆشەویسترین کەسم لەدەست دەدەم زۆر بەزوویی هەروەکو یەک سایەم دیبێ وایە، لێک دانەوەی دووهەم ئەوەیە کە هەمیشە وەکو یەک سایە بووم بۆ کەسانی دورو نزیکم بەڵام کاتێک کەمن پێویستیم بەیەک سایە بووە لەکاتێکدا خەموو ئازارەکانم لە خۆرەتاو خراپ تر منیان سوتاندوە بەڵام ئەفسوس من شانسی ئەو سایەیەم نە بووە کە لە پاڵیا بحەسێمەوە هەر لەبەر ئەوە ناز ناوەکەم پڕ بە پێستی خۆمە.

**پ:-** چ هەستێک ناختی هەژاند بۆ یەکەم دەربڕینی نووسینی شیعرێک؟

**و:-** ئەو هەستە ناخی منی هەژاندوە کە شەو ڕۆژ دەناڵم بۆی، ئاگرێکە لە جەستە مدا کە ئاوی هەموو دەریا کا نی ئۆقیانوس نای کوژێنێتەوە، ئەویش دووری دوو پە پولەی ناسکو نازدارمە کە ساڵانێکە هێزیان لە ئە ژنۆی من بریوە، تامەزرۆی دیدەنیانم، بەڵام تەنها یەک چرکە لە خەودا دەیان بینم دوای ئەوانیش نیشتیمانە کە لە لانکی ئەودا هەژاموو چاوم بەدنیا هەڵ هێناوە، بەڵام ئەفسوس من بەو نامۆم و نە ناسراوم هەر من دڵم بۆ ئەو تەنگ بووە ئەو هەر ناش زانێ من کێم.

**پ:-** یەکەم بەرهەمت دەگەڕێتەوە بۆ کەی و چی بوو؟

**و:-** یەکەم بەرهەمی من سوتان بوو بۆ شارێک کەلەبەرچاومدا هەڵ قرچاو ئەوهەموو گوڵاڵە سورەی لەبەهاردا هەڵ وەری ئەویش هۆنراوەیەکە بۆ هەڵەبجە کەساڵی 2000 نووسیومە وەکاک کەنعان مەنمی کە لاوێکی هەست ناسکو دەنگ خۆشە بەمیلۆدیەکی جوان چرپوێتی وەلەیادی هەڵەبجەی ئەمساڵ کەدوو هەزاروشەش بۆ یەکەم جار بڵاوی کردەوە، زۆر سوپاسی دەکەم.

**پ:-** کەی هەست بە وەکرد شیعرێکت نووسیوەوتەنها دەربرێنی ناخ نیە و پڕاوپڕ شیعرە؟

**و:-** من لە وبڕوایەدام کە هیچ شاعیرێک ناتوانێ شیعر بنوسێ، ئەگەر شتێک لە پشتەوە نەبێ یان ناخی لێوان لێو نەبێ لە ئازارا، چونکە کەسێک کە تەنگوچەڵەمەی سەختی نەدیبێ هەرگیز ناتوانێ بەزمانی کەسێک بدوێ کەهەموو ژیانی ناهەموار بوە بەرێکەوتیش خۆشی ڕۆژێک خۆی نەکردوە بە میوانی، بۆیە دەمەوێ بڵێم شیعر هەمیشە لە ناخی ئەوکەسەوە دەردەچێ، ئیلهامیش هەروا خۆی لەخۆیەوە ڕوولەوکەسانە دەکا کە داغانن ڕوو لەکەسێک ناکا کە هەرنازانێ واتەی ژیان چیە، یان ناخۆشی چییە یان سۆزو خۆشەویستی چیە.

**پ:-** کات وشوێنی دیاری کراوت هەیە بۆ شیعر نووسین؟

**و:-** من لەوباوەڕە دام شاعیر کات وشوێنی نیە بۆ شیعر نوسین، کاتی وا هەیە من لە ناو ئوتوبوسدام چەند ڕستەیەکی جوانم بۆ دێ، بەڵام سوتفەی کردوە کاغەزم پێ نەبووە، لە سەرکلینێکس نووسیومە، لەبەر ئەوەی بیرم دەچێت، دەبێ لەوکاتەدا بنوسرێ، ئیلهامی شیعر لە هەموو کاتێکدا نیە، وەکو بارانی بەهار وایە تاوێک دەبارێ وتاوێک نابارێ ئەوە نیە کەمن کاتی بۆ تەرخان بکەم، یان بیری لێ بکەمەوە ئەوەش قودرەتی ئیلاهیە کە بەکەسێکی دەبەخشێ کە هەر چی دەردوو خەمی هەیە بە هۆنراوە دەری ببڕێت بەڵام من بە زۆری شەو درەنگ دەنووسم خەڵکی هەمووی چاوی لە خەوە هەرچاوی منە دوژمنی ئەوە.

**پ:-** تاچەند توانیوتە ئیلهامەکانت لەگەڵ هەڵچوونی ناختاچوون یەک بن؟

**و:-** هەمیشە کە ئە وئیلهامە بە سۆراغی من هاتبێ ئەوکاتە بووە کەلەگەڵ داروو دیوار قسە دەکەم یان ئەوەندە دڵم پڕ بووە کە کەس نەبووە کە ناخی خۆمی بۆ هەڵ ڕێژم تەنها هاوڕێی هەمیشەیی من نەبێ ئەویش کاغەز و قەڵەمە هەرئەو دووانە لە ناخی من تێ گەیشتوون دەزانن چۆن لەگەڵم بدوێن.

**پ:-** شیعرەکانت خەمن یان ئەشقن؟

**و:-** هۆنراوەکانی من هەروەکو لەپرسیارەکانی تردا ئاماژەم پێدا ئەگەر ئەشق وخۆشەویستی نەبێ لەدڵی ئەو کەسە دا ناتوانێ، دوو دێر بنوسێ لەبەر ئەوە دەڵێم هەموو هۆنراوەکانی من لە ناخی منەوە دەرهاتوون زۆر بەیانم بە فرمێسکی چاونوسیوە.

**پ:-** دە تەوێ بە شیعر چی بڵێت؟

**و:-** دەمەوێ بەشیعر سۆزوخۆشەویستی دەربڕم، دەمەوێ ئەوئازارانەی کە لە ناخم کاری کردوەبەچەند دێڕ هۆنراوە دەری برم، ئایا خۆشەویستی نیشتیمان بێت یان دووری ئازیزان بێت یان بێ وەفایی دۆست ویاران بێت هەموو ئەمانە دەڵێم بەشیعر

**پ:-** تاچەند شیعر گرنگی هەیە لەئەمرۆدا؟

**و:-** من پێم وانیە کە شیعر هیچ گرنگیەکی ئەوتۆی هەبێ بۆ ئیمڕۆی کوردوستان یان کاری گەری ئەوتۆی هەبێ لەسەرتاکی کورد، خەڵکی ئیمرۆ فکرو زکری لای پارەیە، با هەتا ئێوارە شاعیر بڵێ جەژنە خەڵکی برنج نا کەنە ئاو، شیعر تەنها بۆ شاعیر تامووڵەزەتی هەیە، چونکە خۆی کەچی دەڵێ زۆر کەس لەوزمانە ناگات

**پ:-** ئەی چۆنە بیرت لە وە نەکردۆتەوە سەجەم بەرهەمەکانت لە نامیلکەیەکدا بڵاوبکەیتەوە؟

**و:-** من بیرم لێ کردۆتەوە، بەڵام بیر کردنەوەی من دەور نابینێ، کارێکی سەختە بۆ من لە بەرئەوەی من سەربە هیچ حزبێکی کوردی نیم لە بەرئەوەی بێ لایەنم کارەکانم ئەوەندە بایەخی پێ نادرێ. ئێستا سەرقاڵی چیرۆکی منداڵانم دەی نووسم، ئەوەی کە زۆر پێویستە بۆ منداڵانی ئێرەوکوردستان کەسێک نیە یارمەتیم بدات بۆ چاپ کردنی کە ئەوە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ منداڵان من ئێستا ناتوانم بگەڕێمەوەبۆ کوردستان بیبەم لەوێ چاپی بکەم، لێرەش داوام کرد لە میدیا بەڵام ووتیان لێرە پارەی زۆری تێ دەچێ بۆ کتێب پارەی زۆری تێ دەچی کە هەموو منداڵێک سودی لێ دەبینێ بەڵام چل هەزار ئیرۆ خەرج دەکەن بۆ ڤیستیڤاڵ کەهیچی تیا بەستە نەبوو.

**پ:-** ئافرەتان چۆن دەتوانن مافی خۆیان مسۆگەربکەن؟

**و:-** تەنها دواوم ئەوەیە لەژنان کەخۆیان خۆش بیەوێ وڕێزبۆ خۆیان دابنێن، پێسینان ڕاستیان ووتوە ئەگەر.
مریشک خۆی خۆڵ نەکا بەسەری خۆیدا ئەوا کەس ناتوانێ خۆڵی بکات بە سەردا، یان دەڵێن بەهۆی گوڵە گەنمێکەوە هەزاران مرۆر ئاو دەخۆنەوە، کەواتە چەندین ژنی تریش لە پاڵ ئەواندا دەحەسێتەوە ئەگەر وانەبێ ئەواشیر دابۆ داپیردا، دەبێ ژن ئە ودەستەبخاتە ژێر سەری ئەوە نابینێ کە پیاوماوفوهەقی بۆ بکاتە ناو پاکەتێکە وە بیکاتە دیاری ڕۆژی لەدایک بوونی.

**پ:-** ڕاگەیاندنی کوردی چۆن دەبینی لە دەرەوەی کوردستان؟

**و:-** من پێم وابێ ڕاگەیاندن زۆر جار بەهەڵە شت بڵاودەکەنەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی لەدەست دانی سیقەی خەڵکی بەرامبەرڕاگەیاندنی کوردی.

**پ:-** ئەم کەسایەتیانەت لاچۆنە؟

- مهاباد قەرەداغی
- کازیوە سالەح
- لەیلا زانا
- حەپسەخانی نەقیب

**و:-** دەتەوێ باس لەکەسایەتی ئەم زاتانە بکەم وەکو مهاباد قەرەداغی وکازیوەسالح ولەیلازاناوحەپسەخانی نەقیب، ئەمانەی کە جەنابت ناویانت هێناوە هەریەکەیان لای خۆیانەوەجۆرە کەسایەتیەکیان هەیە من ڕێزم هەیەبۆ هەمووئەوژنانەی کەقەڵەم بەدەستن، یەکێکی وەکو شاژنی کورد حەپسەخانی نەقیب یەکەم ژن بوو کە قوتابخانەی کردوە بۆ ژنی کورد و دەیویست کە ژنی کورد ڕۆشن بیر بکات لەوکات وزەمانەیەدا کە ئەوی تیابوو، لە هەمووڵایەکەوە دوژمن پەلاماری دەدان بەڵام ئەوسوور بوو لە سەرهەڵوێستی خۆی، مهاباد قەرەداغی ژنێکی ڕۆشن بیروزیرەکە، بەڵام بەڕەئی من مرۆڤی ڕۆشن بیر چ ژن بێت یان پیاو دەبێ بێ لایەن بێ بۆ ئەوەی بتوانێ زمانی ئەوەی هەبێ کەباس لە شتەجوان وناشرینەکان وەک خۆی بکات بەڵام ئەگەر کەسانی ڕۆشن بیر چونە ژێر ڕکێفی حیزبەکانەوە، ئەوا زمانی ڕاستییان دەبڕن هەموو دەمێک دەبێ بەدەفی ئەوان حاڵی لێ بێت، بەلام من دەڵێم حەیف بۆ مهاباد خان، لەیلا زانا ژنێکی شۆڕش گێرە، ژنێکی خۆڕاگرە بەڕای من ئە و دەبێ هەمیشە بەزمانی کوردی بئاخفێت چونکە ژنێکی کوردە، بە نیسبەت کازیوە خانەوە ئەوەی ڕاستی بێت من بەرهەمەکانیم نەخوێندۆتەوە نازانم هەدەفی چیە بەڵام پێموابێ ئەویش هەرباس لە مافی ژنان دەکات، ئومێدەوارم سەرکەوتوبێت خەڵکی گوێی لێ بگرن.

**پ:-** ئەی ئەم شاعیرانە لای تۆ جی ئەگەیەنن؟

- پیرەمێرد
- ئەحمەدی خانی

- نالی
- مه‌وله‌وی

**و:-** به‌ نیسبه‌ت شاعیره‌كانه‌وه‌جه‌نابت ناوی ئه‌م زاتانه‌ت هێناوه‌ كه‌لای من چی ده‌گه‌یه‌نن، من سه‌ری ڕێزونه‌وازش داده‌نه‌وێنم بۆ گیانی پاكی ئه‌وزاتانه‌، ئه‌وان قوتابخانه‌ی هه‌مووشاعیرێكن.

**پ:-** دوا ووته‌ت چی یه‌ بۆ كۆتایی ئه‌م دیداره‌مان؟

**و:-** دوا ووته‌ی من، خۆم ده‌زانم هه‌تا ئیواره‌ من ده‌هۆڵ لێ بده‌م بۆ ژنان ئه‌وان هه‌ر به‌ زوڕنای خۆیان هه‌ڵده‌په‌ڕن به‌ڵام من قسه‌ی خۆم ده‌كه‌م تكام وایه‌ ژنان هه‌میشه‌ بیر له‌وه‌بكه‌نه‌وه‌ كه‌ هه‌میشه‌ پێش پیاوان بكه‌ون هه‌میشه‌ ئیشاره‌ت بۆ هه‌ق بكه‌ن چاودا نه‌خه‌ن له‌ ئاستی ڕاستیدا مافی ژن ته‌نها جلوبه‌رگ وئارایش نیه‌ یان هه‌ڵ په‌ركێو خۆ نواندن نیه‌ به‌سه‌ریه‌كتردا هه‌ق ومافی ژن زۆر له‌وانه‌ گه‌وره‌تره‌ ژن ده‌بێ باش بیر بكاته‌وه‌، داخم بۆ كچان كه‌ خۆیان ده‌كه‌ن به‌بوكه‌ شوشه‌له‌كلیپه‌كانا له‌ به‌رده‌م گۆرانی بێژانا.




